سەرۆکی ئەمریکا داوای کرد کە بزووتنەوەی حەماس بە تەواوی لەناو ببرێت

سەرۆکی ئەمریکا جۆ بایدن ئەوارەی ڕۆژی یەکشەممە بە کەناڵی CBS ی ڕاگەیاند کە ئیسرائیل هەڵمەتێکی گەورە دەکات ئەگەر غەززە داگیر بکات و ئاماژەی بەوەشکرد هیچ هەکارێک نییە بە ئەوەی هێزەکانی ئەمریکا بەشداری لە شەڕی نێوان ئیسرائیل و فەڵەستینییەکاندا بکەن.

بایدن لە چاوپێکەوتنەکیدا کە ئاژانسی موتەڤەع بەدوای چووەوە، لەگەڵ بەرنامەی "60 خولەک - 60 Minutes" و هەیە جیهاندا لە هەزەکان باشترین لە یەکێک ئیسرائیل کە کردەوە لەوە جەختی دووپاتیکردەوە کە وڵاتەکەی هەموو ئەو پەداویستیانە دابین دەکات کە ئیسرائیل پێویستی پێیەتی.

بایدن وتیشی: "هەموو هەوڵێک دەدەین بە دەزینەوەو ئازادکردنی ئەوانەی هەشتا لە ژیاندان و لەلایەن حەماس بەدیل گیراون"

سەرۆکی ئەمریکا لە چاوپێکەوتنەکەدا جەختی کردەوە کە دەبێت حەماس بە تەواوی لەناو ببرێت، بەڵام لەسەرتا دەبێت دەسەڵاتێکی فەڵەستینی هەبێت و ڕێگایەک هەبێت بە دەوڵەتێکی فەڵەستینی.